یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# چۆن پێشوازی بکەین لە

# مانگی

# ڕەمەزانی پیرۆز

نووسینی : شێخی دکتۆر عبدالرزاق عبدالمحسن البدر

وەرگێڕانی : سارا عدنان بارام

پێداچوونەوەی : عدنان بارام کەلاری

ba8.org walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی :

یەکێك لە نیعمەت و بەخششە گەورەکانی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە چەند سات و بۆنەیەکی زۆری بۆ ڕەخساندوون ، بۆ عیبادەت کردن تێیاندا ، کە گوێڕایەڵی و عیبادەتیان تێدا زۆرە ، و تێیدا لێبوردەیی لە هەڵەکان زۆر دەبێت ، و خوای گەورە لە تاوان و خراپەکان خۆش دەبێت ، و چاکە تێیدا چەند قات دەبێتەوە ، و تێیدا ڕەحم و بەزەیی دادەبەزێت ، و بەخشش و دیارییەکان تێیدا زۆر گەورە دەبن ، جا لە گەورەترین و باشترینی ئەم سات و بۆنانە

## چۆن پێشوازی بکەین لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز؟

**لای پەروەردگار مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :**

﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ [ البقرة : ١٨٥ ] ،

**کە بەڕاستی ئەو مانگێکی پیرۆز و سات و بۆنەیەکی زۆر گەورەیە ، چونکە مانگی خێر و بەرەکەتە ، و مانگی ڕۆژوو و شەونوێژە ، و مانگی ڕەحمەت و لێخۆشبوون و ڕزگارکردنە لە ئاگری دۆزەخ ، و مانگی بەخشش و میهرەبانی ، لەگەڵ کۆشش و بەخشندەیی ، و چاکە و چاکەکاری .**

## لە موژدەکانی پەیامبەری خوا ﷺ لە مانگی ڕەمەزاندا :

هەر بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ موژدەی هاتنی ئەم مانگە گەورە و پیرۆزەی بە هاوەڵانی دەدا ، و هانی دەدان بە زیادکردنی هەوڵ و کۆشش لە کار و کردەوەی چاك لە فەرز و سوننەتەکانی نوێژ و زەکات و صەدەقەدا ، و هەوڵدان بۆ چاکەکاری ، و ئارام گرتن لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە ، و بەسەربردنی ڕۆژەکەی بە ڕۆژوو ، و شەوەکەشی بە شەونوێژ ، و پڕکردنەوەی کات و ساتە پیرۆزەکانی بە زیکر و یاد و شوکرانەبژێری و سوپاسگوزاری بۆ خوای پەروەردگار ، و تەسبیحات ـ واتە : ( سُبْحَانَ اللَّـه ) کردن ـ ، و تەهلیلەکردن ـ واتە : وتنی : ( لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـه ) ـ و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

**( أَنَس ) ــی کوڕی ( مَالِك الْأَنْصَارِي ) ﷺ لە پەیامبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :**

(( هَذَا رَمَضَانُ قَدْ جَاءَ ، تُفْتَحُ فِيهِ أَبْوَابُ الْـجَنَّـةِ ، وَتُغْلَقُ فِيهِ أَبْوَابُ النَّارِ ، وَتُسَلْسَلُ فِيهِ الشَّيَاطِيـنُ )) [1] **، واتە : ئەم مانگە کە هاتووە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە دەرگاکانی بەهەشتی تێیدا دەکرێتەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخی تێیدا دادەخرێت ، و تێیدا شەیتانە سەرکەشەکان کۆت و زنجیر دەدرێن .**

---

[1] رواه أحمد ، برقم : ١٣٤٧٤ ، وصححه الألبانـي فـي صحيح وضعيف سنن النسائي ، برقم : ٢١٠٣ .

و( أَبُو هُرَيْرَةَ ) ـەش ﵁ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:

پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( إِذَا كَانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضَانَ صُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ ، وَمَرَدَةُ الجِنِّ ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ ، فَلَمْ يُفْتَحْ مِنْهَا بَابٌ ، وَفُتِّحَتْ أَبْوَابُ الجَنَّةِ ، فَلَمْ يُغْلَقْ مِنْهَا بَابٌ ، وَيُنَادِي مُنَادٍ : يَا بَاغِيَ الخَيْرِ أَقْبِلْ ، وَيَا بَاغِيَ الشَّرِّ أَقْصِرْ ، وَلِلَّهِ عُتَقَاءُ مِنَ النَّارِ ، وَذَلكَ كُلَّ لَيْلَةٍ )) [1] ، واتە : كە یەكەم شەوی مانگی ڕەمەزان دێت شەیتان و ماردەكانی جنۆكە كۆت

---

[1] رواه الترمذي ، برقم : ٦٨٢ ، و صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٦٨٢ .

و زنجیر دەکرێن ، و تێیدا دەرگاکانی دۆزەخ دادەخری ، و هیچ یەکێك لە دەرگاکانی ناکرێتەوە ، و دەرگاکانی بەهەشت هەمووی دەکرێنەوە ، و هیچ یەکیك لە دەرگاکانی داناخرێت ، و بانگ کارێك بانگ دەکات و دەڵێت : ئەی ئەو کەسەی کە چاکەت ئەوی وەرە پێشەوە ، و ئەی ئەو کەسەی کە خراپەت ئەوی وازبێنە و دەست هەڵگرە لە تاوان ، و لە هەموو شەوەکانیدا خوای پەروەردگار کەسانێك ڕزگار دەکات لە دۆزەخ .

و هەر ( أَبُو هُرَيْرَةَ ) ﵁ دەگێرێتەوە کە مانگی ڕەمەزان بەسەرداهات پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( قَدْ جَاءَكُمْ رَمَضَانُ ، شَهْرٌ مُبَارَكٌ ، افْتَـرَضَ اللَّـهُ عَلَيْكُمْ صِيَامَهُ ، تُفْتَحُ فِيهِ أَبْوَابُ الْـجَنَّـةِ ، وَتُغْلَقُ

فِيهِ أَبْوَابُ الْـجَحِيمِ ، وَتُغَلُّ فِيهِ الشَّيَاطِيـنُ ، فِيهِ لَيْلَةٌ خَيْـرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ، مَنْ حُرِمَ خَيْـرَهَا ، فَقَدْ حُرِمَ )) [١] ، واتە : مانگی ڕەمەزان هات ، کە مانگێکی پیرۆزە ، خوای پەروەردگار ڕۆژووگرتنی لەسەری فەرزکردوون ، و دەرگاکانی بەهەشتی تێیدا دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخی تێیدا دادەخرێت ، و شەیتانەکان کۆت و زنجیر دەدرێن ، ئەم مانگە شەوێکی تێدایە باشترە لە هەزار مانگ ، هەر کەسێك بێبەش بێت لە خێری ئەو شەوە ، ئەوا بێگومان لە هەموو خێرێك بێبەشە بووە .

پەیامبەری خوا ﷺ وەسفی مانگی ڕەمەزانی کردووە کە مانگێکی پیرۆزە ـ کە لە ڕاستیدا هەر بەو

---

[١] رواه أحمد ، برقم : ٧١٤٨ ، وصححه الأرناؤوط فـي تـحقيقه للمسند .

**شێوەیە مانگێکی پیرۆزە ـ ، بەڵکو هەموو سات و کاتەکانی ئەم مانگە پڕ لە بەرەکەتن ، و بەرەکەت لەهەموو شتێکیدایە : بەڕەکەت لە کات و ساتەکانی ، و بەرەکەت لە کار و کردەوەکان ، و بەرەکەت لە ئەجر و پاداشتیدا ، و تێیدا شەوی قەدری پیرۆز هەیە کە باشترە لە پەرستشی هەزار مانگ .**

## لە پیت و بەرەکەتەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز

جا ـ هەروەکو لە پێشدا باسکرا ـ لە پیت و بەرەکەتی ئەم مانگە ئەوەیە کە چاکە تێیدا چەند جارە ، و دەرگاکانی بەهەشت تێیدا دەکرێتەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخ تێیدا دادەخرێت ، و شەیتانەکان و ماردەکانی جنۆکەی تێدا کۆت و زنجیر دەدرێن ، و تێیدا ئەو کەسانە زۆر دەبێت کە خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان دەکات .

( أَبُو هُرَيْرَةَ ) ﵁ دەگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ، إِيمَـاناً وَاحْتِسَاباً ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ ، وَمَنْ قَامَ لَيْلَةَ القَدْرِ إِيمَـاناً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )) [١] واتە : هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت بە

---

[١] متفق عليه .

باوەڕپێبوون و چاوەڕێکردنی پاداشتەوە ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت ، و هەر کەسێکیش شەوی قەدر زیندوو بکاتەوە بە باوەڕپێبوون و چاوەڕێکردنی پاداشتەوە ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو گوناهەکانی پێشوی خۆش دەبێت .

هەر لەم بارەیەوە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَـاناً وَاحْتِسَاباً ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )) [١] ، واتە : هەر کەسێك هەستێت بە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بە باوەڕپێبوون و چاوەڕێکردنی پاداشتەکەی ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت .

---

[١] متفق عليه .

# کەسی دۆڕاو و بێبەشبووە لە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار کێیە ؟

ئەمە و لە گەورەترینی دۆڕان و بێبەش بوون ئەوەیە کە مرۆڤ بگات بەم مانگە گەورە و پیرۆزە کە مانگی لێخۆشبوونە ، کەچی خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش نەبێت ، و تاوانەکانی نەسڕێتەوە بەهۆی زیادەڕەویکردنی لە تاوان ، و تۆبە نەکردنی ، و وازهێنانی لەگەڕانەوەی بۆ لای خوای گەورە لەم کات و ڕۆژە پیرۆزەدا بە تۆبەکردن و گەڕانەوە و ملکەچبوون و خوشوع و داوای لێخۆشبوون کردنی لە پەروەردگاری ، بەڵکو ئەم مانگە پیرۆز و گەورەیە بەسەردا دێت و دەڕوات کەچی ئەو هەر لەسەر تاوانەکانی ماوەتەوە ، سوورە لەسەر هەڵەکانی ، و سەرگەردانە لە گومراییەکانیدا .

( جَابِر ) ـی کوڕی ( سَمُرَة ) ﵁ دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( أتانِـي جِبْـرِيلُ ـ عَلَيْهِ السَّلامُ ـ فَقَالَ : يَا مُـحمَّدُ ! مَنْ أَدْرَكَ أَحَدَ وَالِدَيْهِ فَمـاتَ فَدَخَلَ النَّارَ فأبْعَدَهُ اللَّـهُ ، قُلْ : آمِيـنَ فَقُلْتُ : آمِيـنَ ، قَالَ : يَا مُـحَمَّدُ مَنْ أَدْرَكَ شَهْرَ رَمَضَانَ فَمَـاتَ فَلَمْ يُغْفَرْ لَهُ فأُدْخِلَ النَّارَ ، فأَبْعَدَهُ اللَّـهُ ، قُلْ: آمِيـنَ ، فَقُلْتُ : آمِيـنَ ، قَالَ : وَمَنْ ذُكِرْتَ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْكَ فَمَـاتَ فَدَخَلَ النَّارَ فأبْعَدهُ اللَّـهُ ، قُلْ : آمِيـنَ ، فَقُلْتُ : آمِيـنَ )) [١] ، واتە : جبریل هات بۆ لام و پێی وتم : ئەی موحەممەد ئەگەر

---

[١] رواه الطبـرانـي فـي الـمعجم الكبيـر ، برقم : ٢٠٢٢ ، وصححه الألبانـي فـي صحيح الـجامع ، برقم : ٧٥ .

کەسێك گەشت بە یەکێك لە دایك و باوکی و بمرێت و بڕواتە دۆزەخەوە ، ئەوا خوای پەورەدگار لە ڕەحم و بەزەیی خۆی دووری بخاتەوە ، بڵی : ئامین ، ئەویش فەرمووی : ئامین . و جبریل پێی فەرموو : ئەگەر کەسێك گەشت بە مانگی ڕەمەزان و بمرێت ، و خوای پەروەردگار لێی خۆش نەبێت ، و بڕواتە دۆزەخەوە ، ئەوا خوای پەروەردگار دووری بخاتەوە لە ڕەحم و بەزەیی خۆی ، بڵێ : ئامین ، و ئەویش فەرمووی : ئامین ، و جبریل پێی فەرموو : لە لای هەر کەسێك باس کرای و صەڵاواتی لەسەر نەدای ، و مرد و ڕۆشتە دۆزەخەوە ، ئەوا خوا پەروەردگار دووری بخاتەوە لە ڕەحم و بەزەیی خۆی ، بڵێ : ئامین ، ئەویش فەرمووی : ئامین .

## لوتی کێ بەخۆڵدا بڕوات لەم مانگە پیرۆزەدا ؟

و هەر ( أَبُو هُرَيْرَةَ ) رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( رَغِمَ أَنْفُ رَجُلٍ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ ، وَرَغِمَ أَنْفُ رَجُلٍ دَخَلَ عَلَيْهِ رَمَضَانُ ثُمَّ انْسَلَخَ قَبْلَ أَنْ يُغْفَرَ لَهُ ، وَرَغِمَ أَنْفُ رَجُلٍ أَدْرَكَ عِنْدَهُ أَبَوَاهُ الكِبَرَ فَلَمْ يُدْخِلَاهُ الجَنَّةَ ))[1] ، واتە : لوتی بەخۆڵدا بچێت ئەو کەسەی کە باسکرام لەلای و صەڵاواتی لەسەر نەدام ، و لوتی بەخۆڵدا بچێت ئەو کەسەی کە مانگی ڕەمەزانی بەسەردا دێت و دەڕوات

---

[1] رواه الترمذي ، برقم : ٣٥٤٥ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٣٥٤٥ .

**پێش ئەوەی خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش بووبێت ، و لوتی بەخۆڵدا بچێت ئەو کەسەی کە دایك و باوکی بە پیری پێیدەگەن و بەهۆیانەوە ناڕواتە بەهەشتەوە .**

❁❁❁

## ڕەمەزان مانگی دەستکەوتەکانە ، بۆیە پێویستی بەهەوڵ و کۆشش زیاتر هەیە :

بێگومان مانگی ڕەمەزان مانگی قازانج و دەستکەوتەکانە ، بۆیە پەیامبەرمان ﷺ ئەو هەوڵ و کۆششەی کە لەم مانگەدا دەیدا زۆرتربوو لەو هەوڵ و کۆششنانەی کە لە مانگەکانی تردا دەیدا ، و پێشینانیش بەهەمان شێوە بایەخیان دەدا بەم مانگە بەوپەری بایەخەوە ، بۆیە هەموو کاتەکانیان تەرخان دەکرد بۆ نزیك بوونەوەیان لە خوای پەروەردگار بە کردەوەی چاك ، و هەوڵ و کۆششێکی زۆریان دەکرد بە زیندوکردنەوەی شەوەکانی ، و بەسەربردنی کات و ساتەکانی بە گوێڕایەڵی خوای

پەروەردگار ، زوهری ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەڵێت : (( إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ إِنَّمَا هُوَ تِلَاوَةُ الْقُرْآنِ ، وَإِطْعَامُ الطَّعَامِ)) ، واتە : کە مانگی ڕەمەزان بە سەردابێت ، ئەوا بێگومان ئەو مانگە تەنها کاتی قورئان خوێندن و خواردن پێدانی ڕۆژوانانە .

بێگومان پێگەی مانگی ڕەمەزان لە لای پێشینان ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت ـ بەم شێوەیە بووە : هەوڵ و کۆشش ، و ڕۆژوو و شەونوێژ ، و عیبادەت و خوێندنەوەی قورئان ، و ووتنی : ( لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ) ، و کردنی : ( سُبْحَانَ اللَّهُ ) ، و چاکە و چاکەکاری ، بەزەیی و چاکەکاری ، و بەزەیی و دڵنەوایی ، و خواردندان پێدانی ڕۆژووان .

## ڕەمەزان مێوانە خۆشەویستەکەی موسوڵمانان :

بەڕاستی مانگی ڕەمەزان مێوانێکی خۆشەویستە لە لای هەموو موسوڵمانان ، و هاتوویەکی بەرڕێزە لە لایان ، بۆیە پێویستە لەسەریان : بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێبکەن ، بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی لە ڕێزگرتن و بەگەورەدانان ، چونکە ئەگەر مرۆڤ میوانێکی بەڕێزی هەبێت ، ئەوا خۆشحاڵ دەبێت بە هاتنی ، و بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە پێشوازی و بە گرانبەهاترین شت مێوانداری دەکات ، بێگومان مانگی ڕەمەزان گەورەترین و پیرۆزترین ، و بەنرخترین ، و پاکترینە میوانە ، دەبا ئێمەش دڵخۆش بین بەهاتنی ، و گەشتنمان بەم مانگە

پیڕزە ، و بەوەی کە خوای پەروەردگار ئێمە پێگەیاندووە ، چونکە چەندها کەسی نزیك و هاوڕێ و هاوسێ لەگەڵماندا بوون لە ڕەمەزانی پێشوو ، کەچی مردن یەخەی پێگردن و ڕۆشتن و نەگەشتن بەم مانگە پیرۆزە ، دەبا ئێمە شوکر و سوپاسی خوای پەروەردگار بکەین لەسەر ئەوەی پێیکەرم کردین لە گەشتنمان بەم مانگە پیرۆزە ، ئەوەش بەوەی کە ئەم مانگە بەهەلبزانین و کات و ساتە پیرۆزەکانی بەڕێبکەین بەو شتانەی کە نزیکمان دەکاتەوە لە خوای پەروەردگار ، لە گوێڕاڵیە سودبەخشەکان ، و کردەوە چاکەکان ، و بە تۆبەیەکی یەکلا و گەڕانەوەیەکی تەواو بۆ لای خوای پەروەردگار ، و چاکەکاری .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ [ يونس : ٥٨ ] ، واتە : ئەی پەیامبەری خوا ﷺ بە تێکڕای خەڵك بڵێ : بەچاکە و ڕەحمەتی خوای پەروەردگار ـ ئەوەی کە ڕێنمویی وهیدایەت و ئاینی ڕەوای بۆ ناردون کە ئاینی ئیسلامە ـ ، ئا بەوە خۆشحاڵ و دڵشادبن ، چونکە ئەو ئیسلامەی کە خوای پەروەردگار بانگەشەی کردوون بۆی ، و ئەو قورئانەش کە دایبەزاندووەتە سەر موحەممەد ﷺ ، چاکترە و باشترە لەهەموو ئەو دەستکەوتە کاتیانەی کە ئەوان کۆی دەکەنەوە لەدونیا ، و ئەوەش کە تێیدایە لەگوڵزار و جوانی لەناوچوو و نەماوی .

## پلە و پایەی ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان لە ئیسلامدا :

ئاشکراشە کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام و لە ڕوکنە گەورەکانی ئەم ئایینە ، و لەم مانگەدا ڕەحمەتی خوای میهەربان دابەزێنراوەتە سەر بەندەکانی ، کە ئەویش قورئانی پیرۆزە ، بۆیە پێویستە لەسەرمان کە دڵخۆش ببین بەم مانگە پیرۆزە ، و شوکر و سوپاسگوزاری پەروەردگاری لەسەر بکەین ، و ئەوە بە هەل بزانین لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە خوای پەروەردگار ویستویەتی ڕۆژەکەی بەڕۆژوو بەسەر ببەین ، و لەگەڵ کێبڕکێکردن لە هەموو دەرگاکانی چاکەکاری ، و لەوەش کە شەوەکەی زیندوبکەینەوە بە تەراویح و خوێندنەوەی قورئان ، و زیکر و یادی پەروەردگار و چاکە و چاکەکاری

## لە کۆتاییدا دەڵێم :

پەروەردگارا سەرکەوتوومان بکەی بۆ گوێڕایەڵیکردنی خۆت ، ویارمەتیدەریشمان بە بۆ زیکر ویاد وشوکر وسوپاسگوزاری خۆت ، وئەنجامدانی پەرستنت بەجوانترین شێوە ، ئاسانکاریمان بۆ بکەی لەهەموو شتێکدا ، ونیعمەتی خۆشت لەسەرمان تەواو بکە بەسەرکەوتنمان لەدانی مافی ئەم میوانە بەڕێزە بە جوانترین شێوە ، و یارمەتیدەرمان بە لە ڕۆژوو گرتن و تەراویحەکەیدا ، و جوانی هەڵسوکەوتمان تێیدا ، ئەی پەروەردگارە جیهانیان .

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org walamakan.com**